# پەیوەندیی پەروەردە بە پێکەوەژیان لە قوتابخانە، شێوازی ژیان وەکو نێوەندگیر

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو قوتابیانی پۆلی نۆی بنەڕەتی هەولێر

**عباس شریف احمد [١] عبدالحمید علی سعید برزنجی [٢]**

[١] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فاکەڵتی پەروەردە زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[١] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان پەروەردەو پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە. هەروەها دەست نیشانکردنی ڕۆڵ و شێوازی ژیان وەکو نێوەندگیر لە نێوان پەروەردەو پێکەوەژیان. توێژینەوەکە چەندایەتییە و سود لە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە ڕێگای نمونە وەرگرتن جێبەجێ کراوە. نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٤٠٠) قوتابی لە هەر دو ڕەگەزی نێر و مێ و لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکان (کورد، عەرەب، تورکمان و سریانی) کە بە شێوەی هەڕەمەکی چینایەتی نارێژەیی وەرگیراوە، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە توێژەر بتوانێت بەراورد لە نێوان ڕەگەز و پێکهاتەکاندا بکات. بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان سود لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی وەرگیراوە کە بە پرۆگرامی ئامۆس جێبەجێکراوە. گرینگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە بریتییە لەوەی کە؛ ١. پەروەردە بڕی (٠,٩٤٥) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر پێکەوەژیانی قوتابیان لە نێو خوێندنگاکان هەیە. شێوازی ژیان بەشێوەیەکی بەشەکی ڕۆڵی نێوەندگیر لە نێوان پەروەردەو پێکەوەژیاندا دەگێڕێت ، بەچەشنێك کە بە زیاد کردنی شێوازی ژیان بۆ مۆدیلەکە، پەروەردە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای شێوازی ژیانەوە، کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر پێکەوەژیانی قوتابیان لە نێو خوێندنگا هەیە. لەم توێژینەوەیەدا بە گوێرەی ڕەگەز (نێر و مێ) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بوونی نەبو، بەڵام لەڕوی پێکهاتەکانەوە؛ لە کاریگەری ڕەهەندی پابەندبون بە نۆرمەکان لەسەر پێکەوەژیان لە قوتابخانە؛ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان کورد و عەرەبدا هەیە، هەروەها پێکهاتەی سریانی؛ لە هێڵی ڕێکریونی متمانەی کۆمەڵایەتی لەسەر پێکەوەژیان، جیاوازییەکی بەڵگەداریان لەگەڵ هەر دو پێکهاتەی کورد و عەرەب هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** جوگرافیای سیاسی، سنور، شوێنی دراوسێتی، هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلەتیکی

## ١. پێشەکی

ڕاپۆرت و توێژینەوەی جۆراوجۆر هەیە، کە باس لە بونی توندوتیژی و نەگونجان لە ناوەندەکانی خوێندن دەکەن. ئەم توندوتیژییانە لە شێوەی فیزیکی یان هێمایدا خۆیان بەجەستە دەکەن. توندوتیژی پێچەوانەی پێکەوەژیانە. بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن، پێویستە ئاستی پێکەوەژیانی نێو قوتابخانەکان بەرزبکرێتەوە.

پەروەردەش یەکێك لەو هۆکارانەیە کە چاوەڕوان دەکرێت کاربکاتە سەر پێکەوەژیانی نێو قوتابخانەکان. پەروەردە لە واتا بەربڵاوەکەیدا بریتییە لە؛ هەر چالاکی یان ئەزمونێك کە لەسەر زەین، کەسایەتی یان توانایی جەستەیی تاك کاریگەریی بونیادنەر دابنێت. بەڵام لە واتا تەکنیکییەکەیدا، پەروەردە پرۆسەیەکە کە تێدا کۆمەڵگا لە ڕێگای قوتابخانەکان، پەیمانگاکان، زانکۆکان و دامەزراوەکانی دیکە، بە مەبەست میراتی کولتوری خۆی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە کە بریتین لە مەعریفە (knowledge)، بەهاکان (values) و لێهاتویی (skills) (Noel, 2019: 5).

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەروەردەی شارستانی وەکو ئامانجێکی سەرەکی خۆی ڕاگەیاندوەو لە لاپەڕەی سەرەکی ماڵپەڕەکەیدا ئاماژەی بەوە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٧ ئاب ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٧ ئەیلوول ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٧ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەران: abas.sharif@koyauniversity.org، abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ عباس شریف احمد، عبدالحمید علی سعید برزنجی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181

کردوە "وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ گەشەپێدان و پەروەردەکردنی نەوەیەکی شارستانی و فێرخواز و خاوەن بیر و هۆشێکی ئاست بەرز دەکات کە رۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی کۆمەڵگادا هەبێت "( ماڵپەری وەزارەتی پەروەردە، https://gov.krd/moe/) بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە پەروەردە، پەروەردەی شارستانییە (Civic education) کە بە پەروەردەی هاووڵاتی (Citizen Education) و پەروەردەی دیمۆکراسی (Democracy Education)یش ناسراوە.

لە ڕیپۆرتێکدا دەربارەی پەروەردەی شارستانی لە (16) وڵاتدا، دەیڤید کر ( David Kerr) پێیوایە "پەروەردەی هاووڵاتیبون یان شارستانی بریتییە لە ئامادە کردنی گەنجان بۆ رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانیان وەکو هاووڵاتییەك و بەتایبەتی رۆڵی پەروەردە (لە ڕێگای قوتابخانە، فێرکردن و فێربون) لەم پرۆسەی ئامادەسازییەدا ( Kerr, 2000, p:2)؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە پەروەردە بریتییە لە ئامادەکردنی تاکێکی خاوەن متمانەی کۆمەڵایەتییە کە خواستی بەشداری و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی هەیە و لە هەمان کاتدا پابەندە بە نۆرمە فەرمییەکانی کۆمەڵگا.

پێکەوەژیان دۆخێکی زەینی و لە هەمان کاتدا ڕەفتارییە کە ئەندامانی کۆمەڵگایەك تێدا هاوبەشن و وەکو هاوبەشێکی ڕەواو یەکسان دان بە مافی گروپەکەی دیکە دەنێن، کە دەبێت ناکۆکییەکانی نێوانیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکەن (هاشمی و دیگران، ۲۰۱۰: ۵). لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا، پێکەوەژیان لە ئاستی ڕەفتاریدا بریتییە لە پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە کە نوسەرانێك وەکو دێل ڕێی (Del Rey)، ئۆرتگا (Ortega) و فێریا (Feria) (2009) پێکەوەژیان لە قوتابخانە وەکو بنەمایەکی سەرەکی بۆ پەروەرەدەی بە بەشداری، دیمۆکراتیك، مەدەنی و یەکانگیر پێناسە دەکەن کە لە ڕێگای ژیانی هاوبەش لە تەواوەتی کەشی قوتابخانەدا پەرەدەستێنێت. ئەمەش لە ڕێگای پرۆسەیەکی بەردەوامی فێربونی کۆمەڵایەتی و سۆزداری کارا بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان تاکەکان لە سەر بنەمای دیمۆکراسی، ڕێزگرتن، هاوسۆزی (empathy)، لێبوردەیی (tolerance) و هاوبەندی (solidarity)( Cuadra-Martínez and Castro-Carrasco,2021: 2).

پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە دۆخێکی زەینی و ڕەفتاری کە تێدا تاك ڕێز لە مامۆستاو قوتابیانی دیکە دەگرێت بە هەمو جیاوازییەکانیانەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشان کردنی پەیوەندیی نێوان پەروەردە و پێکەوەژیان لەنێو قوتابخانە. بۆیە لەم پەیوەندییەدا هەوڵ دەدرێ وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بدرێتەوە کە بریتین لەوەی؛ ئایا پەروەردە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە؟ ئایا ڕەهەندەکانی پەروەردە (پابەندی یاسایی، بەشداری کۆمەڵایەتی، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و متمانەی کۆمەڵایەتی) بەشێوەی جیاجیا کاریگەرییان لەسەر پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە هەیە؟ ئایا بە گوێرەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان (ڕەگەز و پێکهاتە) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپەکاندا هەیە؟

## ۲. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

سەبارەت بە رۆڵی پەروەردە لە نێو کۆمەڵگادا، قوتابخانە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، بیروبۆچونی جۆراوجۆریان هەیە کە لێرەدا بە کورتی تیشك دەخەینەسەر ئەو بیروبۆچوونانەو هەوڵ دەدەین بەگوێرەی ئەو بیروبۆچوونانە، پەیوەندییەکی تیۆری بدۆزینەوە لە نێوان پەروەردە و پێکەوەژیاندا.

### ۲. ۱. قوتابخانەی ئەرکگەرایی:

ئەرکگەرایی تێڕوانینێکی بونیادی یان سیستەمییە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا مرۆییەکان. ئەمەش بەو واتایە کە پەیڕەوانی ئەرکگەرایی کۆمەڵگا وەکو سیستەمێکی ڕێکخراو دەبینن کە لە بەشە جۆراوجۆرەکان، وەکو دامەزراوەی پەروەردەیی و خێزان پێکهاتووە. ئەم سیستەم یان دامەزراوانە پێکەوە کار ئەکەن تاکو کۆمەڵگا وەکو گشتێك دروست بکەن(Milton,2007)

یەکێك لە تیۆرە سەرەکییەکانی لە بواری کۆمەڵناسی پەروەردەیی، قوتابخانەی ئەرکگەراییە کە پەروەردە وەکو یەکێك لە سیستەمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەبینێت. ئەرکگەراکان سەیری قوتابخانە دەکەن وەکو تەواوکەری پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبون، یەکانگیریی کۆمەڵایەتی (Socially Integrate) خەڵکی جیاواز و پەرەپێدان بە مەعریفەیەکی نوێ(Hughes and Kroehler,2005).

### ۲. ۱. ۱. تەواوکەری پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون ( Completing Socialization):

لە کۆمەڵناسیدا، بە کۆمەڵایەتیبون بە پرۆسەیەك دەگوترێت کە تێدا تاکەکان ئەو تایبەتمەندییانە وەردەگرێن کە شایستەی ئەندامەتی کۆمەڵگایە[1]. ئەمەش دەکرێت فەرمی یان نافەرمی بێت. کاتێك کە لە ڕێگای کارلێك و پەیوەندیی نافەرمی کۆمەڵایەتی لە ئاستی وردی (Micro-Levels) نێوان تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییە بچوکەکاندا ڕودەدات، بە نافەرمی ئەژمار دەکرێت، بەڵام کاتێك لە لایەن گروپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوە فەرمییەکانی وەکو قوتابخانە، ناوەندە ئایینییەکان، ڕاگەیاندنی زانکۆکان و ... هتد جێبەجێ بکرێت، بە فەرمی دەناسرێت(Scruton,2007: 649). بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو بە کۆمەڵایەتیبونەی کە لە نێو خێزان و گروپی هاوتەمەنەکاندا و زیاتر لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیان ڕودەدات، پێی دەوترێت بە کۆمەڵایەتیبونی سەرەتایی (Primary Socialization)، بەڵام قوتابخانە لە دۆخێکی تارادەیەك فەرمیدا پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون ئەنجام دەدات کە پێی دەگوترێت دوبارە بەکۆمەڵایەتیبونەوە (Secondary Socialization)(قنادان و مطیع،1997: 102).

لە ڕاستیدا، تەندروستی کۆمەڵایەتی بریتییە لە نەزمی کۆمەڵایەتی (social order) و کاتێك گارەنتی دەکرێت، کە زۆرینەی خەڵك بەها ئەخلاقییە گشتییەکانی کۆمەڵگا پەسند بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، لایەنگرانی ئەرکگەرایی بونیادی ( structural functionalists) پێیانوایە کە ئامانجی دامەزراوە سەرەکییەکان وەکو پەروەردە بریتییە لە بە کۆمەڵایەتی کردنی منداڵان و هەرزەکاران (teenagers). ئەمەش پرۆسەیەکە کە نەوەی نوێ فێری ئەو مەعریفە، ئاراستە و بەهایانە دەبن کە هاووڵاتییەکی بەرهەمهێنەر پێویستیەتی. هەرچەند کە ئەم ئامانجە لە پەیڕەوی وانەوتنەوەی فەرمیدا نەخرابێتەڕو، بەڵام بەزۆری لە ڕێگای پەیڕەوی شاراوەوە (hidden curriculum) بەدەست دێت کە تێکەڵاویەکی وردتر و بەهێزترە لە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان. فێرخوازان ئەم بەهایانە فێردەبن و ڕەفتاریان لە نێو قوتابخانە ڕێکدەخرێت، تاکو ئەو کاتەی کە هەنگاو بە هەنگاو لە ناخیاندا دەچەسپێت و پەسندی دەکەن( Satapathy,2013: 10).

### ٢. ١. ٢. یەکانگیری کۆمەڵایەتی (Social Integration)

یەکانگیری کۆمەڵایەتی بریتییە لە بونیادێکی چەند ڕەهەندی کە دەکرێت پێناسە بکرێت بە ڕادەی بەشداری تاکەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو بەشداری لە چالاکییەکان یان پەیوەندییە خزمایەتی و هاوڕێیەتییەکان و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و هەورەها هەستی هاوبەش و هاوشوناسی( Holt-Lunstad and Lefler,2019: 1) .

یەکانگیری کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی بەهاکان، پەیوەندییەکان و دامەزراوەکان کە ئەو توانستە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ، ئابوری و سیاسیدا لەسەر بنەمای یەکسانی ماف بە خەڵك دەدات ،لە یەکسانی و کەرامەت بەشدار بن. بەڵام ئەمە بە زۆر تێکەڵاوکردنی خەڵك و هەوڵدان بۆ سەپاندنی شوناسێکی دیاریکراو بەسەر ئەو خەڵکانەی کە خواستیان لەسەر نییە، ناگرێتەوە( PROMOTING SOCIAL INTEGRATION,2008: 6) . بەڵکو ئەو بنەمایانە نیشان دەدات کە بە هۆیەوە تاکەکان لە کەشی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە پەیوەست دەبن و هەروەها پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بەو واتایە کە تاکەکان چۆن یاسا کۆمەڵایەتییەکان پەسند دەکەن(Beresnevièiûtë,2003: 97)

### ٢. ١. ٣. پەرەپێدانی مەعریفی

وەکو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، پەروەردەش دو ئەرکی ئاشکرا و شاراوەی هەیە. ئەرکی بنەڕەتی پەروەردە گواستنەوەی مەعریفەیە (Knowledge). کە تێدا قوتابیان فێردەبن چۆن بخوێننەوە، بە زمانێکی بیانی قسە بکەن و هەروەها ئامێرێك چاك بکەنەوە.

### ٢. ٢. قوتابخانەی ڕەخنەیی:

ئەم قوتابخانەیە وەکو ئەرکگەرایی لەو باوەڕە دایە کە قوتابخانە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کۆمەڵگا هەیە و ناکرێت لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان جیا بکرێتەوەو سیستەمی پەروەردەیی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پەیوەستێکی دولایەنەیان پێکەوە هەیە(Mirlouhi,1997:42)

واتا قوتابخانە و پەیڕەوی خوێندن، بازنەی ئەکادیمی تێدەپەڕێنێت و واتا و ڕەنگدانەوەی گرینگی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. (گوتک،2005: 486) بەمپێیە لە ڕوانگەی قوتابخانەی ڕەخنەییەوە؛ پەروەردە دابڕاو نییە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و بە بەردەوام لە نێوان سیستەمی پەروەردەیی و بونیادی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی دولایەنە هەیە (میرلوحی،1998: 42). بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەستە بە خواستی باڵادەستانی کۆمەڵگا نەوەك پێداویستییە گشتییەکانی کۆمەڵگا. هەروەها زیاتر جەخت دەکاتە سەر پەروەدەی فەرمی و پەروەردەیی ملکەچ بون تاکو بەدەستهێنانی کارامەییە مەعریفییەکان. (شارع پور، 2015: 56)

بە سەرنجدان بە ڕوانگەکانی بیرمەندانی قوتابخانەی ڕەخنەیی بۆ پەروەردە، دەتوانین گرینگترین ئامانجە پەروەردەییەکانی ئەم قوتابخانەیە لە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگا دەستنیشان بکەین کە بریتین لە:

- پەروەردە کردنی هاوڵاتی ڕەخنەگر لە جێگای هاوڵاتی باش و دڵخواز.
- سەرنجدان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت پرسە سیاسییەکانی هەمو گروپەکان لە هەر ئەتنیك و نەژاد یان چینێك بن.
- سڕینەوەی جیاکاری نەژادی و بەرگری لە مافی ستەملێکراوان و گرووپ و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا.
- دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکی یەکسانیخوازو ئەخلاقی.
- گۆڕانکاری و پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی پەیرەوی خوێندن بە مەبەستی گۆڕانکاری لە ناوەڕۆك، ئامانج و میتۆدی پەیرەوی خوێندن.
- پێناسە کردنی ڕۆڵی نوێ بۆ مامۆستایان بە مەبەستی یارمەتی کردنیان بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا.
- پەروەردە کردنی ئازادیخوازی و ئازادی بیرکردنەوە.
- فێربونی میتۆدی بەدەست هێنانی زانیاری و بابەتەکان (سهیلا غلامی هره دشتی و رکسانا رشید پور. همان منبع.).

لە دەیەی (١٩٧٠) بەدوا، کۆمەڵێ تێڕوانینی نوێی بەرانبەر پەروەردە لە نێو کۆمەڵناساندا پەرەیسەند کە لە چوارچێوەی ورددا سەرنجیان دەخستە سەر پەروەردەی قوتابخانە. یەکێك لە بەرچاوترین بیرمەندانی ئەم قۆناغە بریتییە لە پیر بۆردیۆ ( Pierre Bourdieu) کە لە چوارچێوەی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی کولتوری ( Cultural reproduction) باسی ڕۆڵی قوتابخانە لە نێو کۆمەڵگا دەکات.


بۆردیۆ لە بەستێنی مەیدان (field )، عاددەت (habitus)، جۆرەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی (forms of capital )، توندوتیژی هێمایی (symbolic violence) و دوبارە بەرهەمهێنانەوەدا باس لە جۆرەکانی نایەکسانی دەکات لە پەروەردەو بیاڤی پەروەردە دەکات کە لە خوارەوە تیشك دەخرێتە سەریان:

١. مەیدان: مەبەستی بۆردیۆ لە مەیدان؛ بیاڤەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە هەنگاو بە هەنگاو لە یەکتر جیابونەتەوە و لە پرۆسەیەکی مێژویدا لەسەر بنەمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئەنجامە تایبەتەکانی فۆرمیان پەیدا کردوە. تاکەکانی کۆمەڵگا لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا (هونەری، ئابوری، سیاسی و ... هتد) چالاکی دەنوێنن و هەر یەکێان بەستێنێکە کە هێز و بەهرەکانیانی تێدا نمایش دەکەن(توسلی،2004: 23). بەمپێیە، مەیدان لە هەنگاوی یەکەمدا بیاڤێکی خاوەن بونیادە لە پێگەکان و هەروەها هێزێکە کە بڕیاری دیاریکراو بەسەر ئەو کەسانەی دەچنە ناوی دەسەپێنێت. لەم سۆنگەیەوە هەر کەسێك کە دەیەوێت بێتە مەیدانەوە، پێویستە خاوەنی هەندێ سەرمایە بێت. لە پلەی دووەمدا مەیدان بەستێنی ململانێیە کە تێدا بکەرەکان یان دامەزراوەکان لە ڕێگایەوە هەوڵی پاراستن یان ڕوخانی سیستەمی دابەشکردنی سەرمایە دەدەن. مەیدان لەم واتایەدا کارزارێکە کە تێدا بنچینەکانی شوناس و سیستەمی هیرارشی بە بەردەوامی و بەشێوەی نەپساوە دەخرێتە بەر باس و گەنگەشە. کەوابو مەیدانەکان کۆمەڵەی مێژوین کە بە درێژای مێژو پێکهاتون، گەشەیان کردوە، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و هەندێجاریش لاواز و لەنێو دەچن(استونز،2000: 335).

٢. سەرمایە:

بۆردیۆ پێیوایە کە سەرمایە لە چوار جۆری سەرەکی پێکدێت و لە لایەن بکەرەکانەوە لە نێو مەیدان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت کە بریتین لە: ١. سەرمایەی ئابوری. ٢. سەرمایەی کولتوری. ٣. سەرمایەی کۆمەڵایەتی (social capital) ( Bourdieu,1986: 56-241) ٤. سەرمایەی سیمبۆلیك (symbolic capital)؛ کە لە لایەن جۆرەکان دیکە سەرمایەوە دیاری دەکرێت(Lebaron, 2014.).

DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181




وێنەی (١): جۆرەکانی سەرمایە لە ڕوانگەی پیر بۆردیۆ نیشان دەدات
(Harvey, C. and Maclean, M. ,2008: 107)

٣. هەبیتس (Habitus) : چەمکی هەبیتس لەگەڵ جۆرەکانی سەرمایە لە پەیوەندی دایە. هەبیتس، حەڵقەی پەیوەندیی نێوان بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکانە. لە پێناسەیەکی ساکاردا، هەبیتس بریتییە لە؛ بونیادێکی گۆش کراوە کە کردەی تاکەکان فۆرم دەدات. ئەم بونیادانە تەنها بیروباوەڕەکان ناگرێتەوەو لەوانەیە تاکەکان وشیار نەبن سەبارەت بەم کردانە. هەبیتس پەیوەستێکی بەهێزی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەو شێوازی ژیان هەیە(عابدی جعفری و دیگران،2016)

پیر بۆردیۆ (١٩٣٠ ـ ٢٠٠٢) لە یەکەم بەرهەمەکانی خۆیدا دەربارەی پەروەردە، تیشك دەخاتە سەر دوبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەییەوە. لە ڕوانگەی ئەم بیرمەندەوە، سەرمایەی کولتوری کە لە پێڕەوی قوتابخانەدا بەکار دێت، یارمەتیدەری دوبارە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیە کۆمەڵاتییەکانە، چونکە ئەم پەیڕەوانە بەگشتی گرینگی بە جیاوازییە کولتورییەکان نادەن. بۆردیۆ لەو بڕوایە دایە کە لە کۆمەڵگادا، پۆلێنکردنی جۆراوجۆری ئابوری و کولتوری بوونیان هەیە کە قوتابخانە ئەم پۆلێنکردنانە دوبارە بەرهەم دێنێتەوە. ئەمەش بەو واتایە کە قوتابخانە بە جێگای گۆڕانی کۆمەڵایەتی، یارمەتیدەری سەقامگیر بوونی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانە؛ واتە تەنانەت ئەگەر منداڵانی چینە هەژارەکان بەشداری پرۆسەی خوێندن بن، بونیادە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری بەخۆیانەوە نابینن(عالی،2018: 107). ئەمەش بە پێچەوانەی بۆچونی ئەرکگەراکانە کە پێیانوایە قوتابخانە هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بزاوتی چینەکانە، لە سەر ئەم بنەمایەش، تیۆرەکەی بۆردیۆ بە تیۆری ڕەخنەیی ناوبانگی دەرکرد و هەندێ جاریش وەکو گومان خستنە سەر پەروەردەی قوتابخانەیی سەیر دەکرا. بەڵام خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە بۆچونەکەی لە بەرانبەر ئەو تیۆرانەدا ناوەستێتەوە کە پەروەردە بە هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەزانن، بۆیە بە ئاماژە کردن بە هێزی کێشکردنی زەوی دەڵێت: "ئێمە باوەڕمان بە هێزی کێش کردنی زەوی هەیە، هەر ئەم باوەڕەش بوەتە هۆی ئەوەی کە بتوانین بفڕین(Bourdieu,2008) . بۆیە ڕەخنەی بۆردیۆ لە پەروەردەیەکە کە دوبارە بەرهەمهێنانەوە دروست دەکات و ئەو خوازیاری پەروەرەیەکە کە ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

## ٢.٣. تیۆری کارلێکی هێمایی

لە ڕوانگەی کارلێککەراکانەوە، بنەمای کارلێکی هێمایی بریتییە لە پەیوەست بونی تاك لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی و کارلێکی نێوان تاك و کەسانی دیکە. ئەم ڕوانگەیە پێیوایە کە مرۆڤەکان بە گوێرەی واتا بەدەستهاتووەکان لە سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان، لە نێویاندا ئەزمونی خۆیان، بەشدار دەکەن لە کردەی کۆمەڵایەتیدا(Turner,2004: 345).

گرینگترین بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە:

ـ مرۆڤ بە پێچەوانەی گیانلەبەرانی دیکە بەهرەی بیرکردنەوەی هەیە. **ئەمەش** بەهۆی کارێکی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت.

ـ خەڵك لە ڕێگای کارلێکەوە فێری واتاکان دەبن کە لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی هێماکانەوە لە نێو گرووە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبن.

ـ لە کارلێکی هێمایدا، مرۆڤەکان فێری واتاکان و هێماکان دەبن و ئەمەش دەرەتانی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت کە بەهرە جیاوازە مرۆییەکانیان بۆ بیرکردنەوە وەگەڕبخەن و هەر ئەم واتاو هێمایانەیە کە ئەو توانایە بە مرۆڤ دەبەخشێت لەگەڵ یەکتر کارلێکی دوولایەنە بکەن

ـ بە گوێرەی ئەم تیۆرە، بکەر لە جێبەجێ کردنی کردەدا ئازادە؛ واتە بکەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کردەیەك هەڵدەسەنگێنێت و دواتر ڕێگایەك دەستنیشان دەکات. بۆیە کردەکەی پێشبینی ناکرێت.

ـ مرۆڤەکان دەتوانن ئەو واتاو هێمایانەی کە لە کردەی دولایەنەدا بەکار دێن، بەگوێرەی ئەو ڕاڤەیەی کە لە بارودۆخەکە دەیکەن، گۆڕانکاری تێدا بکەن یان بیگۆڕن.

ـ خەڵك تەواوتی بونیاد و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای کارلێك لەگەڵ یەکترەوە دروست دەکەن و سەرچەشنە لێکئاڵاوەکانی کردەی دولایەنەی گروپەکان و کۆمەڵگا دروست دەکەن(انواری،2021: 157-165).

وەکو ئاماژەمان پێدا، ئەم تیۆرە تیشك دەخاتەسەر کارلێکی نێوان تاکەکان. ئەو تاکانەی کە پەیوەستن بە کولتورێك، بەهۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ئەزمون و چاوەڕوانی هاوبەش، لەوانەیە زۆرێك لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگای هاوشێوە ڕاڤەو و مانا بکەنەوە. لە ئەنجامدا، نۆرمی هاوبەش بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتار دروست دەبێت کە بە "ئادابی هەڵسوکەوتکردن" دەناسرێت کە پابەندبون پێیانەوە دەبێتە هۆی یەکڕیزی کۆمەڵگا. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەزمون نیشان دەدات کە بە گوێرەی چینی کۆمەڵایەتی و پێگەی تاکەکەسی، جیاوازی لە ڕاڤەکردنی ڕوداوەکاندا دروست دەبێت(علاقەبند،2019: 82).


**٢.٤. مۆدێلی تیۆری توێژینەوەکە:**

بە لەبەرچاو گرتنی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، توێژەر مۆدێلێکی تیۆری بۆ توێژینەوەکە دەخاتەڕو کە لە سێ گۆڕاوی سەرەکی پێکهاتووەو بریتین لە:

١. پەروەردە؛ پەروەردە بە گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە ئەژمار دەکرێت کە بە سود وەرگرتن لە ڕوانگەی کارکردگەرایی چاوەڕوان دەکرێت کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر پێکەوەژیان هەبێت کە بە ڕەهەندێکی گرینگی پاراستنی یەکانگیری و هاوبەندی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت.

٢. پێکەوەژیان: گۆڕاوی شوێنکەوتوی توێژینەوەکەیە کە چاوەڕوان دەکرێت پەروەردە کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بکاتە سەری. ئەم کاریگەرییە ئەکرێت وەکو کاریگەری سیستەمێك لەسەر سیستەمێکی دیکە بێت وەکو ئەوەی ئەرکگەراکان ئاماژەی پێدەکەن یان وەکو ئەوەی لایەنگرانی بۆچونی کارلێکی ئاماژەی پێدەکەن لە ڕێگای کارلێکی نێوان قوتابیان لەگەڵ دەوربەر (پەیرەوی شاراوە)وە بێت.

٣. شێوازی ژیان: شێوازی ژیان گۆڕاوی نێوەندگیری توێژینەوەکەیە کە لەم مۆدێلە تیۆرییەدا توێژەر پێیوایە پەروەردە لە ڕێگای گۆڕینی شێوازی ژیانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری ڕاستەوانە لەسەر پێکەوەژیان دادەنێت. ئەم گۆڕاوی توێژینەوەکە لە تیۆری پیر بۆردیۆ وەرگیراوە کە بەشێکە لە قوتابخانەی ڕەخنەیی.




مۆدێلی (١): مۆدێلی تیۆری توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە

**٣. توێژینەوەکانی پێشوو**

سەبارەت بە پەیوەندی پەروەردە و پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە توێژینەوەی جۆراوجۆر کراوە کە لێرەدا چەند توێژینەوەیەك تاوتوێ دەکەین؛

- توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "**بەربەست و ئاڵۆزییەکانی پەروەردەی مافی مرۆڤ، تێکەیشتنی مامۆستایان لە بەشداری دیمۆکراتیك و یەکسانی جەندەری لە کوردستان ـ عێراقی دوای شەڕ**" لە لایەن "ئەندری ئۆسلەر" و "چالەنك یەحیا" لە ساڵی (٢٠١٣) لە گۆڤاری (Education Inquiry) بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە تاوتوێکردنی گرفتەکانی جێبەجێکردنی پەروەردەی مافی مرۆڤە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان بریتی بووە لە قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆك. کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری سودیان لە ئامرازی تێبینی کردن (لە دو قوتابخانە) و چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایانی ئەو پۆلانەی کە تێبینییان کردبو. هەروەها چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەسانی پسپۆری پەروەردەیی کردوەو فۆکەس گروپ (focus group) بەکارهێناوە. لە ئەنجامی لێکدانەوەی بیروبۆچونی پسپۆرانی پەروەردەیی بەو ئەنجامە گەیشتووە کە پەروەردەی مافی مرۆڤ پۆتانسیلی بەهێزکردنی کوالیتی پەروەردەو یەکسانی جێندەری و بنکۆڵکردنی بەهاکانی پیاوسالاری و خێڵەکی هەیە. بەڵام وەکو بەشێك لە پسپۆرە پەروەردەییەکان ئاماژەیان پێکردوە، ئەمە تەنها ئامرازێکەو بە بێ ڕێبەری سیاسی کارامەو یاسا کاریگەر نابێت.(Audrey & Yahya, 2013).

توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "**ئالەنگارییەکانی پێکەوەژیان لەو قوتابخانانەی کە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە خەسارهەڵگرن (The challenge of coexistence in socially vulnerable schools)** لەلایەن "ڕوسێر گراو" و هاوکارانییەوە لە ساڵی (٢٠١٧) بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خستنەڕوی پرۆگرامێك بۆ پێکەوەژیانی باشتر لە نێو قوتابخانەکان لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان دیمۆکراسی و پەروەردە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەران سودیان لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181

میتۆدۆلۆجی چۆنایەتی وەرگرتوە، ئەمەش لە ڕێگای کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکان کە بە شیکردنەوەی بەڵگەکان (documentary analysis) ناسراوە. ئەم توێژینەوەیە بەو ئەنجامە گەیشتوە کە هەڤیانی فێربون بریتییە لە پێکەوەژیان و هەروەها لە نێوان دیمۆکراسی و پەروەردەدا پەیوەندییەکی ڕون هەیە و ئەم پەیوەندییە لەلایەن توێژەرانی ئەم بوارەوە دەست نیشان کراوە. لە دەرەنجامدا پێیانوایە کە پێویستە قوتابخانەی دیمۆکراتیك نە تەنها وتنەوەی بەهاکان بونیادبنرابێت، بەڵکو پێویستی بە بەڕێوەبردنی دیمۆکراتیکە بۆ ئەدای ئەرکەکانی( Grau and others,2017: 710-716).

**"پەروەردەی مێژو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان؛ نوێنەرایەتی کردنی بەهای ئاشتی و توێندوتیژی"** ناونیشانی توێژینەوەیەکە کە لەلایەن "مەئمون محمد" و مەروان دەرویش" لە ساڵی (2018) لە گۆڤاری پەروەردەی ئاشتی ( Journal Of Peace Education) بڵاو کراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە ئاراستەی چۆنایەتیدا کراوە کە تێدا سود لە "شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەگرانە" ( critical discourse analysis) وەرگیراوە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبی وانەکانی مێژو و دەستنیشان کردنی ڕادەی بەها و پرنسیپە پەروەردەییەکانی ئاشتی تێدا. سنوری ئەم توێژینەوەیە هەر سێ پارێزگا هەولێر، سلێمانی و دهۆك بوە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤)، کە تێدا بۆ کۆکردنەوەی داتا چاوپێکەوتنی نیمچەداخراو (Semi-Structured) و فۆکس گروپ (Focus Group) بەکارهاتووە. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتون کە شیکردنەوەی بەرنامەی پەروەردەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر دەستەواژەی تێدایە کە پەیوەستە بە شەڕ، توندوتیژی، جیاوازیی دانان و کەلێنی نێوان موسڵمان و ناموسڵمان، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی پەرەپێدانی توندوتیژی و سەرهەڵدانی توندوتیژی لە نێوان موسڵمان و ئایینەکانی دیکە. لە هەمان کاتدا، دەستەواژەگەلی وەکو "ئاشتی"، "هەڵکردن" (tolerance)، "یەکسانی"، "دۆستی" و "هاوکاری" زۆر بە کەمی دەبینرێن. (Darweish and Mohammed, 2017)

توێژینەوەیەکی دیکە بە ناویشانی " پێکەوە ژیانی قوتابخانە و پەیوەندی بە کاراییی ئەکادیمیك لە نێوان قوتابیانی سەرەتایی" لە لایەن "جەمال سەردا ( Gamal Cerda) و هاوکارانیەوە لە ساڵی (٢٠١٩) بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە تاوتوێکردنی پەیوەندیی نێوان ئەدای ئەکادیمی و درکی خوێندکاران لە پێکەوەژیانی قوتابخانە. بۆ ئەم مەبەستە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (structural equation model) بەکارهاتووە کە لە هەشت ڕەهەندی کارامەیی ئەکادیمی و پێکەوەژیان پێکهاتووە کە (٣٩,٦٪)ی ئەدا قوتابخانە شیدەکاتەوە. لە گرینگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە، بریتییە لەوە کە "گۆڕانی نۆرمی خوێندکاران"، "ئیدارەدانی پەیوەندیی نێوان تاکەکان بەشێوەی ئەرێنی"، "تۆڕی کۆمەڵایەتی هاوتەمەنەکان (Peer Social Networks) بەشێوەی ئەرێنی و ڕاستەوخۆ کاریگەری بەڵگەداریان لەسەر ئەدای ئەکادیمی هەیە. لە بەرانبەردا "قوربانیبوون" (Victimization)، "تێکدان" (Disruptiveness)، و "شەڕەنگێزی" (Aggression) و "بێ دیسیپلینی" (Indiscipline) بە شێوەی نەرێنی کاریگەری بەڵگەداریان لەسەر ئەدای ئەکادیمی قوتابیان هەیە. هەروەها "پشتگوێخستنی مامۆستا" (Teacher Apathy) کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر ئەدای ئەکادیمی نەبووە. (Gamal Cerda, 2019)

تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو نیشان دەدات کە توێژینەوەکردن لە پەیوەندیی پەروەردە و پێکەوەژیان بە میتۆد و ئامرازی جۆراوجۆر جێبەجێکراوە کە لە ڕەهەندی چەندایەتیدا بەکارهێنانی مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی ( structural equation model) نوێترین ئامرازی ئاماریی ئەژمار دەکرێت کە دەتوانێت مۆدیلێکی تیۆریی تێدا تاوتوێ بکرێت. ئەمەش ڕێگایەکە کە توێژەر سودی لێ وەرگرتوە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

## ٤. پەروەردە لە هەرێمی کوردستان

پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردودا لە میانی دۆخێکی ناجێگیر (Turmoil)دا پەریسەندوە. هەرێمی کوردستان و عێراق وەکو وڵاتێك شەڕ و نائارامی ناوخۆییان بەخۆیانەوە بینیوە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەروەردەی دانیشتوانی هەبوە. پاش ڕوخانی سەدام لە ساڵی (2003)، هەرێمی کوردستان بوو بە شوێنێکی سەقامگیر و ئاشتیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرکردایەتی هەرێم بە مەبەستی پەروەردەی دانیشتوان دەستیان بە دوبارە بونیادنانەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکان کرد(Faris,2015: 5). لەم پەیوەندییەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری سیستەمێکی پەروەردەیی بگۆڕ (transformative education system) لەسەر بنەمای پرنسیپی مافی مرۆڤی جیهانی بو. ئەم ئامانجەش ئاڵەنگارییەکی گەورەی دروست کرد، چونکە پێویستی بە دوبارە بونیادنانەوەی تەواوی ژێرخانی پەروەردە بو لەسەر بنەمای ستانداردە جیهانییەکان. ئەمە لە حاڵێکدا لە هەندێ شوێنی کوردستان تەنانەت دەرفەتی خوێندن بونی نەبو و یەکێك لە ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان ئەوە بو وەزارەتی پەروەردە دەرفەتی پەروەردە بۆ هەموان بڕەخسێنێت( Alsayid Mohammed,2015: 102).

ئێستا لە هەرێمی کوردستان خوێندن لە گشت قۆناغەکان بە خۆڕایی بەردەستە و لە ساڵی (2007)وە سیستەمی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازیی ڕیشەیی تێدا کراوەو سیستەمی پێشوی قۆناغەکانی خوێندن گۆڕا بۆ ( k 12 –) واتە (لە باخچەی منداڵان بۆ پۆلی ١٢). لەگەڵ ئەوە چاکسازییانەدا بەڵام کێشە لە کوالیتی خوێندندا هەیە کە وەزارەتی پەروەردە لە ڕاپۆرتی چالاکییەکانی خۆیدا بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکات: کە خۆی لە؛ "کەمی ژمارەی مامۆستا لە هەندێك ناوچەو هەندێك بابەت، کەمی خزمەتگوزاری لە هەندێك قوتابخانە، لاوازی توانای مامۆستا لە وتنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن"( بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی،2017: 23) و هەروەها بینای قوتابخانە دەبینێتەوە. ئەمە جیا لەوەی کە لە ساڵانی ڕابردودا هۆکاری سیاسی، ئابوری و تەندروستییەکان وەکو قەیرانی دارایی و خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکانی مامۆستایان، شەڕی داعش و کۆڤید (١٩) کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر پرۆسەی پەروەردە هەبوە.

سەبارەت بە پێکهاتەکان، سیستەمی پەروەردەی هەرێم، ڕێگای پێداون کە بە زمانی خۆیان بخوێنن و بۆ ئەم مەبەستە لە یاسای پەروەردەی حکومەتی هەرێمدا هاتووە؛ "زمانی کوردی زمانی فەرمیی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوەکاندا، جگە لەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بە پێکهاتەکان وەکو تورکمان، سریان کلدان ئاشور، ئەرمەن و عەرەب کە خوێندن تێیاندا بە زمانی دایك دەبێت". هەروەها ڕێگایان

پێدەدرێت کە مومارسەی رێ و رەسمە ئایینی و کولتورییەکانی خۆیان بکەن لە نێو خوێندنگادا و بۆیە لەم پەیوەندییەدا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پاڵپشتی دەکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش لە بەڕێوەبەرایەتی پەوەردەی گشتی هەولێر کە لە سنوری ئەم توێژینەوە دایە، خوێندنی تایبەت بە (سریانی، عەرەبی و تورکمانی) تەرخانکراوە کە گرینگی بە خوێندن بە زمانی پێکهاتەکانی سنوری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دەدەن.

### ٤. ١. فەلسەفەی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە سەرنجدان بەوەی کە فەلسەفەی نوێی پەروەردە بریتیی نیە لە سیستەمێکی فکری تایبەت کە خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، بەڵکو بەرهەمی پرس و کێشە جۆاوجۆرەکانە کە سیستەم و دۆخی پەروەردەیی کۆمەڵگایەك لەگەڵی بەرەورووە(شعاری نژاد،ساڵ: 351) .کۆمەڵگای کوردیش لەگەڵ کۆمەڵە پرسێکی جۆراوجۆر بەرەوڕوویە کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی پەروەردەی ئەم هەرێمەدا ڕەنگی داوەتەوە؛ کە خۆیان لە چەندین بابەتی جۆراوجۆری وەکو پەروەردەی شارستانی، شوناسی نیشتمان و پێکەوە ژیاندا دەبینێتەوە.

١. **پەروەردەی شارستانی؛** پەروەردەی شارستانی یەکێکە لە ئامانجەکانی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا کە بە ڕونی لە لاپەڕەی یەکەمی ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردەدا نوسراوەو ئاماژەی بەوە کردوە کە "وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کار بۆ گەشەپێدان و پەروەردەکردنی نەوەیەکی شارستانی و فێرخواز و خاوەن بیر و هۆشێکی ئاست بەرز دەکات کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت لە دروستکردنی کۆمەڵگادا"(ماڵپەری سەرەکی وەزارەتی پەروەردە،2023). پەروەردەی شارستانی چەند ڕەهەندێکی هەیە کە بریتییە لە پابەندبون بە نۆرمە فەرمییەکان (یاساکان)، متمانەی کۆمەڵایەتی، بەشداری کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی. لەسەر ئەم بنەمایەش وەزارەتی پەروەردە کارکردوە بۆ پەروەردەکردنی "نەوەیەك کە متمانە بەخودی هەبێت، باوەڕمەند بە دیمۆکراسی و وەفادار بە کوردستان بێت هەروەها کەسایەتییەکی کامڵی هەبێت. هەروەها پەروەردە کردنی قوتابیان لەسەر بنەمانی ماف، بەرپرسیاریەتی و پابەندییەکانیان لە بەرانبەر خەڵك و نەتەوەکەیان( Education and Learning," The project of modification of education system of KRG in Iraq,2008: 235).

لەم پەیوەندییەدا لە فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمدا هاتوە کە قوتابی و خوێندکار توانایی "گوزارشت لە خۆکردنی ئازاد و بوێرانەیان [متمانە بەخود] هەیە و ئامادەن بۆ کارکردنی داهێنەرانە و جێبەجێکردنی کارامەییە بنەڕەتییەکان [بەشداری] و هەڵگرتنی **بەرپرسیاریەتی** لە داهاتودا. ئەمەش وەکو ئامانجێکی پەروەردەیی لە یاساکەدا ڕەنگی داوەتەوە کە لە خاڵی پێنجەمی یاساکەدا دەڵێت: "گەشەپێدانی توانای نەوەکان بۆ ئامادەکردنیان تا بەشداری لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا و بازاڕی کارو پێشکەوتنی هەرێمدا بکەن"(وقایعی کوردستان، ژمارە298: 7).

٢. **پێکەوەژیان:** سەبارەت بە پێکەوەژیان لە یاسای پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا گرینگییەکی سەرەکی بە ڕۆڵی پەروەردە لە پێکەوەژیاندا دراوە، بەچەشنێك کە لە بەشی دووەم، تەوەری یەکەم (بنەما فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکردن) ماددەی (٢)دا هاتووە؛ پەروەردەو فێرکردن میکانیزمی تواناسازی و بنیاتنەری تاکێکی کوردستان خوێندەوار و هوشیار و داهێنەرە، بە ئاراستەی گەشەپێدانی کۆمەڵگەیەك کە پرنسیپەکانی دیمۆکراتی، بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی ***و یەکسانی نێوان هەر دو ڕەگەز، کیانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو مرۆڤدۆستی*** و خۆشەویستی خاك و پاراستنی ژینگە تێیدا گەشە بکات."(وقایعی کوردستان، ژمارە298: 5).

پێکەوە ژیان وەکو یەکێك لە ئامانجە پەروەردەییەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی (1 ـ 9) خراوەتەڕو، بەچەشنێك کە لە یاسای پەروەردەدا دو ئامانج بۆ خوێندنی بنەڕەتی پێناسەکراوە کە ئامانجی یەکەمی تایبەتە بە کارامەییە سەرەکییەکانی وەکو خوێندن و نوسین و ژمارەد و کارامەیی زمانزانی، هونەر و جوڵە و چالاکی زانستی. بەڵام ئامانجی دووەم کە ڕەهەندە پەروەردەییەکەیە و ئاراستەی کۆمەڵایەتی هەیە، بریتییە لە "فێرکردنی بنەماکانی هاونیشتمانی بون، مەدەنیەت، لێبوردەیی، قبوڵکردنی جیاوازیی، هاندانی قوتابیان بۆ بەهێزکردنی توانستی دەستپێشخەری، کۆششکردن، پشودرێژی و پاراستنی بەها باڵاکانی ڕەوشت و ڕەفتار." (وەقایعی کوردستان، 8:2023 )

## ٥. میتۆدی، کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکە

**٥. ١. میتۆدی توێژینەوەکە؛** لەم توێژینەوەیەدا ئاراستەی چەندایەتی بەکارهاتووە کە کریسوێل پێیوایە پارێزگاری لە خواستی ئەزمونگەری دەکات و ئەمەش وادەکات توێژەر بە بێلایەنی بمێنێتەوە ( Saeed and Ahmed, 2018: 23) میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وەسفی پەیوەندیی ڕێگای نمونە وەرگرتن.

### ٥. ٢. کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی قۆناغی (9)ی بنەڕەتی لە هەر چوار نەتەوەی کورد، عەرەب، تورکمان و سریانی لە پەروەدەی عەنکاوە و ناوەندی هەولێر.

خشتەی (١) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| پێکهاتە | کوڕ | کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| سریانی | 113 | 200 | 313 |
| تورکمانی | 90 | 62 | 152 |
| عەرەبی | 202 | 529 | 731 |
| کورد | 2065 | 1909 | 3974 |
| کۆی گشتی | 2470 | 2700 | 5170 |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

نمونەی توێژینەوەکە هەڕەمەکی چینایەتی ناڕێژەییە ( disproportionate stratified sampling). لەم شێوازەی نمونە وەرگرتندا ئەو نمونانەی کە لە هەر گروپێك هەڵیدەبژێرین یەکسان نیە بە ڕێژەی گروپەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، ئەمەش کاتێك بە کاردێت کە بمانەوێت بەراورد بکەین لە نێوان ئەو گروپانە کە مەبەستەکانە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لە هەر یەك لە پێکهاتەکان (کورد، تورکمان، سریانی، عەرەب) نمونەیەکی (100) کەسی وەرگیراوە کە کۆی گشتییەکەی بریتیە لە (٤٠٠) کەس و هەروەها هاوسەنگی ڕەگەزیی ڕەچاوکراوە، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

خشتەی (٢) ڕەگەز و باری ئێتنیكی نمونەكە ڕون دەكاتەوە


| ئێتنیك / ڕەگەز | كورد | عەرەب | توركمان | سریانی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 41 | 56 | 54 | 60 | 211 |
| مێ | 59 | 44 | 46 | 40 | 189 |
| كۆی گشتی | 100 | 100 | 100 | 100 | 400 |

## ٥. ٣. ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری

بە مەبەستی پێوانەكردنی گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە (پەروەردە، شێوازی ژیان و پێكەوەژیان)، بە سود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری، توێژینەوەكانی پێشو و ڕای شارەزایان، سێ پێوەری سەرەكی بونیادنرا كە هەنگاوەكانی بونیادنانی بەم شێوەیەی خوارەوە بو:

### ٥. ٣. ١. شیكردنەوەی هۆكاری پشتڕاستكراوە ( confirmatory factor analysis – CFA)

بە مەبەستی دڵنیابونەوە لەوەی كە هەر یەك لە پێوەرەكان بەشێوەی ئاماری بارستایی (Load)ی پێویستیان لەسەر ڕەهەندەكەی هەیە، سودمان لە شیكردنەوەی هۆكاری پشتڕاستكراوە ( confirmatory factor analysis – CFA) وەرگرت. بۆ ئەم مەبەستە بڕگەكانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیركرد و پێوەرەكانی "گونجاوبونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەكە جێبەجێكرا. دوای سڕینەوەی ئەو بڕگانەی كە باری ئاماری پێویستیان نەبو پێوەرەكانمان مەرجەكانی فیتبونی (Goodness- of- Fit) بەدەستهێنا ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە (CFI=0.917)، (RAMSEA= 0.055)، (AGFI=0.812)، (IFI= 0.918) وەكو لە خشتەی (3) دەردەكەوێت.




مۆدیلی (٢): مۆدیلی شیكردنەوەی هۆكاری پشتڕاستكراوە (confirmatory factor analysis – CFA) نیشان دەدات

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181

خشتەی (٣) مەرجەکانی شیکردنەوەی هۆکاری پشتڕاستکراوە (confirmatory factor analysis – CFA) نیشان دەدات

| مەرجانی فیتبوون (Fitting Index) | RMSEA | CMIN/DF | PNFI | AGFI | PCFI | IFI | CFI |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خاڵی وەرچەرخان (Cut value) | ≤ 0.08 | ≤ 3 | ≥ 0.60 | ≥ 0.80 | ≥ 0.60 | ≥ 0.90 | ≥ 0.90 |
| دۆخی مۆدیلی توێژینەوەکە | 0.055 | 2.215 | 0.785 | 0.812 | 0.838 | 0.918 | 0.917 |

**٥. ٣. ٢. ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەکان:** پاش ئەنجامدانی شیکردنەوەی هۆکاری پشتڕاستکراوە (CFA) بەمەبەستی دڵنیایی لە ڕاستیەتی و جێگیری (Validity and Reliability)پێوەرەکان، ڕاستیەتی یەکانگیری (Convergent validity )و جێگیری پێکهاتەی (composite reliability) بۆ پێوەرەکان دەرهێنرا. جێگیری پێکهاتەیی ڕێگایەکی پێوانە کردنی گونجانی نێوخۆیی بڕگەکانی پێوەرەکەیە کە هاوشێوەی ئەلفای کرۆنباخە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەلفای کرۆنباخ کە هەمو بڕگەکان بە گرینگی یەکسانەوە داخل دەکرێت، لە جێگیری پێکهاتەییدا، ئەو بڕگانەی کە بارستایی (Loading) زیاتریان هەیە، گرینگی زیاتریان هەیە، ئەمەش وادەکات کە بەهای جێگیری پێکهاتەی وردتر بێت لە ئەلفای کرۆنباخ (Ahmed and Barzinchi, 2024: 310).

جێگیری پێوەرەکان: وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، لە هەر سێ پێوەرەکەدا، بەهای (CR) لە نێوان (٠,٨١٥ ـ ٠,٩٤٥) دایە، کە ئەمەش بە ئاستێکی بەرزی جێگیری پێکهاتەیی (composite reliability) ئەژمار دەکرێت.

ڕاستیەتی پێوەرەکان: سەبارەت بە ڕاستیەتی پێوەرەکان؛ بەهای ڕاستیەتی (ڕەهەندەکانی پابەندی یاسایی، بەشداری کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی) بریتییە لە (٠,٤٧) کە بە ئاستێکی گونجاو لە ڕاستیەتی ئەژمار دەکرێت، سەبارەت بە ڕەهەندی متمانە بەخودی کۆمەڵایەتی، ( AVE=0.54)کە ئەمەش بە ئاستێکی گونجاوی ڕاستیەتی ئەژمار دەکرێت. سەبارەت بە پێوەری پێکەوەژیان لە قوتابخانە ( AVE=0.63)و پێوەری شێوازی ژیان بریتییە لە ( AVE=0.65)کە بە ئاستێکی باش لە جێگیری ئەژمار دەکرێن.

خشتەی (٤) جێگیری پێکهاتەیی پێوەرەکان نیشان دەدات

| پێوەر | ڕەهەند | بەهای جێگیری (CR) | بەهای ڕاستیەتی (Convergent Validity -AVE) |
|---|---|---|---|
| پەروەردە | پابەندبون بە نۆرمەکان | 0.815 | 0.47 |
| | بەشداری کۆمەڵایەتی | 0.841 | 0.47 |
| | بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی | 0.815 | 0.47 |
| | متمانەی کۆمەڵایەتی | 0.853 | 0.54 |
| پێکەوەژیان لە قوتابخانە | | 0.945 | 0.63 |
| شێوازی ژیان | | 0.918 | 0.65 |

**٥. ٣. ٣. نۆرماڵیتی داتاکان:** بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی داتاکان بە نمونەی گەورە ئەژمار دەکرێت کە (گەورەترە لە ٢٠٠) یەکە و هەروەها لە پرۆگرامی ئامۆسدا (Maximum Likelihood Estimator – MLE) بەکارهاتووە بەهای لاربونەوە (skew) لە نێوان (±2) و هەروەها بەهای قوپاو دەکەوێتە نێوان (±10) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە داتاکانمان بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبونەوەو ئەتوانین سود لە ئاماری پارامێتریکاڵ وەربگرین.

## ٦. تاوتوێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە


بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە سود وەرگرتن لە پرۆگرامی ئامۆس (AMOS – Analysis Moment Structures) مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM)مان جێبەجێ کرد. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner)کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ بکات ( Radha and Ahmed, 2019, P. 227) و، کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان دەست نیشان بکات (Saeed and etc, 2023, P. 5). هەروەها بە مەبەستی وردی زیاتر لە داتاکان و دەست نیشانکردنی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سودمان لە میتۆدی بوتستراپ (Bootstrap) وەرگرت کە تێیدا ژمارەی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ (4000) نمونە بەرز کردوە.

**٦. ١. کاریگەریی پەروەردە و ڕەهەندەکانی لەسەرپێکەوە ژیان لە نێو قوتابخانە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی بو لە دەرهێنانی کاریگەریی پەروەردە بە هەر چوار ڕەهەندەکەیەوە وەکو یەك پاکێج لەسەر پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانەدا. بۆ ئەم مەبەستە داتاکانمان بەگوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) پێناسەکرد (بڕوانە مۆدیلی ١) و ئەنجامەکانمان دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی (5) دەردەکەوێت، پەروەردە بڕی (0.945) لادانی پێوەری کاریگەریی بەڵگەداری ئاماری لەسەر پێکەوەژیانی قوتابیان لە نێو قوتابخانەکان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). ئەم کاریگەرییە لە جۆری ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبونی هەر لادانێکی پێوەری لە پەوروەردە بڕی (0.945) لادانی پێوەری پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە پەروەردە، بڕی (0.945) لادانی پێوەری کەمبونەوە لە پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە دروست دەبێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181

خشتەی (٥) کاریگەریی پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| پەروەردە ---> پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە | 0.945 | 0.000 |





مۆدیلی (٣): کاریگەریی پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە نیشان دەدات

**٦ . ٢ . تاوتوێ کردنی کاریگەری هەر یەك لە ڕەهەندەکانی پەروەردە لەسەر پێکەوەژیان:** بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەریی هەر یەك لە ڕەهەندەکانی پەروەردە بەجیا لەسەر پێکەوەژیان مۆدیلی (٢) تاقیکراوەتەوە کە وەکو خشتەی (٦) نیشان دەدات؛

-متمانەی کۆمەڵایەتی بڕی (٠,٥١٥) لادانی پێوەری کاریگەریی بەڵگەداری ئاماری لەسەر پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە دروست دەکات، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە .(P-Value=0.000<0.05) جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەرە لادانێکی پێوەری لە ڕەهەندی متمانە بەخود بڕی (٠,٥١٥) لادانی پێوەری پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە بەرز دەبێتەوەو پێچەوانەکەشی ڕاستە.

-ڕەهەندەکانی دیکە (بەشداری کۆمەڵایەتی، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و پابەندبون بە نۆرمەکان) بەشێوەی جیا کاریگەریی بەڵگەداری ئاماریان لە پێکەوەژیان لە نێو قوتابخانە نەبو ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە.(P-Value>0.05)




مۆدیلی (٤):كاریگەری ڕەهەندەكانی پەروەردە لەسەر پێكەوەژیان لە نێو قوتابخانە نیشان دەدات

ئەنجامەكانی سەرەوە نیشانی دەدەن كە پێویستە پەروەردە لە هەر چوار ڕەهەندەكەیدا وەكو یەك پاكێج و بە شێوەی هاوتەریب ئاراستەی خوێندكاران بكرێت بۆ ئەوەی كاریگەریی ئەرێنی لەسەر پێكەوەژیان لە نێو قوتابخانە هەبێت.

خشتەی (6) كاریگەری ڕەهەندەكانی پەروەردە لەسەر پێكەوەژیان لە قوتابخانە نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی كاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| پابەندبون بە نۆرمەكان ---> پێكەوەژیانی لە قوتابخانە | 0.240 | 0.128 |
| بەشداری كۆمەڵایەتی ---> پێكەوەژیان پێكەوەژیان لە قوتابخانە | 0.002 | 0.991 |
| بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی ---> پێكەوەژیان پێكەوەژیان لە قوتابخانە | 0.022 | 0.870 |
| متانەی كۆمەڵایەتی ---> پێكەوەژیان پێكەوەژیان لە قوتابخانە | 0.515 | 0.000 |

بە مەبەستی وردی زیاتری ئەنجامەكان، ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز و پێكهاتەمان لەسەر ئەنجامەكان دەرهێنا. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر بنەمانی ڕەگەز (نێر و مێ) و پێكهاتە (كورد، توركمان، عەرەب و سریانی) داتاكانمان لەسەر مۆدیلەكە بار (Load)كردو ئەنجامەكانمان تاوتوێ كرد كە وەكو لە خوارەوە دەردەكەوێت :

-ڕەگەز: وەكو لە خشتەی (7) دەردەكەوێت؛ لە هیچ یەك لە هێڵە ڕێگرسیۆنییەكاندا جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بونی نییە ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە بەها (z-score) نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری.

خشتەی (٧) ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەكان نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی كاریگەریی | P-Value | بڕی كاریگەریی | P-Value | |
| پابەندبون بە نۆرمەكان ---> پێكەوەژیان | 0.061 | 0.847 | 0.571 | 0.018 | 1.276 |
| بەشداری كۆمەڵایەتی ---> پێكەوەژیان | -0.256 | 0.604 | -0.145 | 0.659 | 0.187 |
| بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی ---> پێكەوەژیان | 0.411 | 0.280 | -0.108 | 0.516 | 1.249 |
| متانەی كۆمەڵایەتی ---> پێكەوەژیان | 0.351 | 0.039 | 0.475 | 0.000 | 0.630 |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10

-پێكهاتە: لە خشتەی (٨ و ٩) بەراوردكراوە لە نێوان پێكهاتەكاندا، كە ئەنجامەكان نیشانی دەدات:

١ .لە كاریگەریی ڕەهەندی پابەندبون بە نۆرمەكان لەسەر پێكەوەژیان لە قوتابخانە؛ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان كورد و عەرەبدا هەیە، بە چەشنێك كە لای

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181

كوردەكان بڕی (٠,٦١٠) لادانی پێوەری كاریگەریی بەڵگەداریی ئاماریی بەشێوەی ڕاستەوانە لەسەر پێكەوەژیان هەبو، بەڵام لای پێكهاتەی عەرەب ئەم كاریگەرییە بەڵگەدار نەبو. ئەم جیاوازییەش بەڵگەدار بە سەرنجدان بەوەی كە(z-score=2.051 و P-Value<0.05). هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆڵی متمانەی كۆمەڵایەتی لەسەر پێكەوەژیانیش، بەهای (z-score) بەڵگەدارە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە ڕۆڵی ئەم گۆڕاوە لەسەر پێكەوەژیان لە لای هیچ یەك لە پێكهاتەكان بەڵگەدار نییە، بۆیە ناتوانین بڵێین جیاوازییەكی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوانیاندا هەیە.

٢ .پێكهاتەی سریانی؛ لە هێڵی ڕێگرسیونی متمانەی كۆمەڵایەتی لەسەر پێكەوەژیان، جیاوازییەكی بەڵگەداریان لەگەڵ هەر دوو پێكهاتەی كورد و عەرەب هەیە. ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە (z-score) لە ئاستی (٠,٠٥)دا بەڵگەدارە. هۆكاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە متمانەی كۆمەڵایەتی لای پێكهاتەی سریانی بڕی (٠,٧٧٨) لادانی پێوەری كاریگەریی بەڵگەداریی ئاماریی لەسەر پێكەوەژیان هەیە، بەڵام لای پێكهاتەی كورد و عەرەب كاریگەریی بەڵگەداریی نەبو.

٣ .سەبارەت بە هێڵە ڕێگرسیونییەكانی دیكە، وەكو لە خشتەی (٩) دەردەكەوێت، لە هیچ یەكێكیاندا بەهای (z-score) نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداریی، بۆیە جیاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوان پێكهاتەكاندا بەدی ناكرێت .

خشتەی (٨): بەراوردی هێڵە ڕێگرسیۆنییەكان لە نێوان پێكهاتەكان دەكات

| گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنكەوتو | كورد | | توركمان | | سریانی | | عەرەب | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی كاریگەریی | P-Value | بڕی كاریگەریی | P-Value | بڕی كاریگەریی | P-Value | بڕی كاریگەریی | P-Value |
| --->پابەندبون بە نۆرمەكانی پێكەوەژیان | 0.610 | 0.024 | 0.552 | 0.045 | 0.399 | 0.330 | -0.274 | 0.415 |
| --->بەشداری كۆمەڵایەتی پێكەوەژیان | -0.665 | 0.100 | 0.081 | 0.806 | -0.530 | 0.442 | 0.093 | 0.834 |
| --->بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی پێكەوەژیان | 0.265 | 0.120 | 0.352 | 0.271 | -0.069 | 0.844 | 0.063 | 0.841 |
| --->متمانەی كۆمەڵایەتی پێكەوەژیان | -0.377 | 0.177 | -0.046 | 0.777 | 0.778 | 0.000 | 0.333 | 0.108 |

خشتەی (٩): ئاستی (z-score) لە بەراوردی نێوان پێكهاتەكان نیشان دەدات

| بەراوردی پێكهاتەكان | پابەندی بە نۆرمەكان | بەشداری كۆمەڵایەتی | بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی | متمانەی كۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|---|
| كورد و توركمان | 0.150 | 1.433 | 0.241 | 1.027 |
| كورد و عەرەب | 2.051** | 1.262 | -0.560 | 2.041** |
| كورد و سریانی | -0.430 | 0.169 | -0.859 | 3.418*** |
| توركمان و عەرەب | 1.9* | -0.023 | 0.641 | -1.443 |
| توركمان و سریانی | -0.310 | -0.799 | -0.889 | 3.306*** |
| عەرەب و سریانی | 1.270 | -0.759 | -0.281 | 1.584 |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10


### ٣.٦ .دیاریكردنی ڕۆڵی شێوازی ژیان وەكو نێوەندگیر

لە مۆدیلی سێیەمدا ڕۆڵی شێوازی ژیانی كۆمەڵایەتیمان وەكو گۆڕاوێكی نێوەندگیر لە مۆدیلەكە زیاد كرد تاكو بزانین شێوازی ژیانی كۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕۆڵی نێوەندگیر لە نێوان پەروەردەو پێكەوەژیاندا بگێڕێت ؟ وەكو لە خشتەی خوارەوە دەردەكەوێت لەم مۆدیلەدا پەروەردە كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماریی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بڕی (٠,٧٣٧) لادانی (P-Value=0.001>0.05)پێوەریی لەسەر پێكەوەژیان لە قوتابخانە هەیە، هەروەها بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگای شێوازی ژیانەوە بڕی (٠,٠٧٢) لادانی پێوەری كاریگەریی بەڵگەداریی ئاماریی هەیە (P-Value=0.010>0.05) لەسەر پێكەوەژیان لە قوتابخانە هەیە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە هەر دو كاریگەرییەكە بەڵگەدارن، بەڵام كاریگەرییە ناڕاستەوخۆكە بوتە هۆی كەمبونەوەی كاریگەریی ڕاستەوخۆ، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین كە شێوازی ژیان بەشێوەی بەشەكی (Partial mediation) ڕۆڵ لە نێوان پەروەردەو پێكەوەژیان لە قوتابخانەدا دەگێڕێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181

خشتەی (١٠): رۆڵی گۆڕاوی شێوازی ژیان وەکو ئیوەندگیر دەخاتەڕوو

| گۆڕاوی سەربەخۆ | کاریگەری ڕاستەوخۆ | | کاریگەری ناڕاستەوخۆ | | جۆری ئیوەنگیری |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | |
| پەروەردە --> پێکەوەژیان | 0.737 | 0.001 | 0.072 | 0.010 | ئیوەندگیری بەشەکی<br>Partial mediation |




مۆدیلی (٥): رۆڵی گۆڕاوی شێوازی ژیان وەکو ئیوەندگیر دەخاتەڕو

## ٧. دەرەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر بە چەند دەرەنجامێك گەیشتوە کە لێرە دەیخاتەڕو و هەروەها چەند پێشنیازێك بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخاتەڕو:

**٧. ١. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:** گرینگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوە پێیگەیشتوە بریتییە لەوەی کە:

- پەروەردە وەکو پاکێجێك بە هەمو ڕەهەندەکانیەوە کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر پێکەوەژیانی قوتابخانە لای نمونەی توێژینەوەکە هەیە. ئەمەش نیشان دەدات کە پێویستە وەکو یەك پاکێج کار بە پەروەردە بکرێت و سیستەمی پەروەدەی هەرێم ئاراستەی قوتابیان بکرێت.

- شێوازی ژیان ڕۆڵی ئیوەندگیر لە نێوان پەروەردەو پێکەوەژیان لە قوتابخانەدا دەگێڕێت ، واتە پەروەردە لە ڕێگای شێوازی ژیانەوە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر پێکەوەژیانی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن.

**٧. ٢. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:** بە لەبەرچاو گرتنی ئەنجام و دەرەنجامەکانی سەرەوە، توێژەران چەند پێشنیازێك بۆ وەزارەتی پەروەردە دەخەنەڕو کە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

- ڕاهێنان بە مامۆستایان و ڕێنمایکارانی پەروەردەیی بکرێت بۆ ئەوەی ڕەهەندەکانی پەروەردە (پابەندبون بە نۆرمەکان، متمانەی کۆمەڵایەتی، بەشداری و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی) وەکو بەشێك لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن لە ناخی قوتابیاندا جێگیر بکەن.

- سەنتەرێکی تایبەت بە تایبەت پێکەوەژیان لە پەروەردەی گشتی هەولێر بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاران بۆ ئەم مەبەستە کار بکات.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp167-181

## سەرچاوەكان:


بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی، راپۆرتێك لەسەر چالاكی و پرۆژەكانی وەزارەتی پەروەردە لە كابینەی یەكەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان تاكو كابینەی هەشتەم، (٢٠١٧)، ل. ٢٣. بەردەستە لە https://gov.krd/moe/publications/%D8%B1%D8%A7%D9%BE%DB%86%D8%B1%D8%AA وەگیراوە لە ٢٠٢٢/٦/٥.

وەزارەتی پەروەردە، ماڵپەڕەی سەرەكی، بەردەستە لە: https://gov.krd/moe/ وەرگیراوە لە ٢٠٢٣ /١/١٠.

وەقایعی كوردستان، ژمارە ٢٩٨، یاسای پەروەردە و فێركردن لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

استونز، راب (٢٠٠٠) متفكران بزرگ جامعه شناسی، ترجمه معرداد میر دامادی، تهران: نشر مركز.

انواری، محمد رضا (٢٠٢١) نقد و بررسی نظریه كنش متقابل نمادین، معرفت، سال بیستم، شماره ١٦٧، ص ص ١٥٣ ـ ١٧١، ص ١٦٥ ـ ١٥٧.

توسلی، غلامعباس (٢٠٠٤) تحلیلی از اندیشەی بوردیو، نامه علوم اجتماعی، سال یازدهم، شماره ٢٣.

جرالد، گوتك (٢٠٠٥) مكاتب فلسفی و آرای تربیتی، ترجمه محمد جعفر پاك سرشت، تهران: سمت.

ستوده، ه.ا. قنادان، م. و مطیع، ن. (١٩٩٧) جامعەشناسی مفاهیم كلیدی، چاپ دوم، تهران: نشر آواي نور.

شعاری نژاد، علی اكبر(٢٠٠٤) فلسفه آموزش و پرورش، چاپ هفتم، تهران، موسسه انتشارات امیر كبیر. ISBN: 964-00-0123-6

عابدی جعفری، حسن و حسینی هاشم زاده، داود و محدثی حسن و فاضلی محمد (٢٠١٦) .نظریەهای فساد و سلامت اداری . چاپ اول ، تهران: مركز مطالعات و برنامه ریزی شهر تهران.

عالی، مرضیه (٢٠١٨) بوردیو و تحلیل مسائل اجتماعی در پژوهش تربیتی، متودولوژی علوم اجتماعی و انسانی، شماره ٩٦، سال ٢٤، ، ص ص ١٠٥ ـ١١٧، ص ١٠٧.

علاقەبند، علی (٢٠١٩) "جامعەشناسی آموزش و پرورش"، ویراست هفتم، تهران، نشر روان.

غلامی هره دشتی ، سهیلا و رشید پور، ركسانا (٢٠١٦) الگوی تدوین چارچوب مدرسه انتقادی بر اساس دیدگاه متفكران انتقادی معاصر، دانشگاه شیراز، هفتمین همایش ملی انجمن فلسفه تعلیم و تربیت ایران.

میرلوحی، سید حسین (١٩٩٨) دیدگاه های تربیتی مبتنی بر نظریه انتقادی، فصلنامه تعلیم و تربیت، سال سیزدهم، شمارش ٤٩.

Ahmed , A. S. . and Barzinchi , A. A. S. . (2024) “The Relationship of Education to Coexistence”, *Zanco Journal of Human Sciences*, 28(SpB), pp. 302–319. doi: 10.21271/zjhs.28.SpB.15.

Audrey Osler & Chalank Yahya (2013) Challenges and complexity in human rights education, Education Inquiry, 4:1, 189-210, DOI: 10.3402/edui.v4i1.22068

Harvey, C. and Maclean, M. (2008) ‘Capital Theory and the Dynamics of Elite Business Networks in Britain and France’, The Sociological Review, Vol. 56 (s.1), 105-120. P. 107 DOI: 10.1111/j.1467-954X.2008.00764.x

Ahmed Faris (2015) Kurdistan region-Iraq An Education sector )Diagnosis of Secondary Education(, Stockholm University.

Alsayid Mohammed, M. A. (2015) "Peace Education in Iraqi Kurdistan Schools: An Analysis of Human Rights and History Education Curriculum". Unpublished PhD Thesis. Coventry: Coventry University.

Bourdieu, Pierre , (2008), Political Interventions: Social Science and Political Action, Cambridge, Polity Press.

Bourdieu, Pierre (1986). The forms of capital. In: Richardson, J., Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education. Westport, CT: Greenwood: 241–58.

Clare Ferguson (2008) PROMOTING SOCIAL INTEGRATION (Report commissioned by the United Nations Department of Economic and Social Affairs (UNDESA) for the Expert Group Meeting on Promoting Social Integration, Helsinki, Finland, P. 6 available at: https://www.gsdrc.org/docs/open/se6.pdf)

David Cuadra-Martínez (2021) Pablo J. Castro-Carrasco, Luciene Regina Paulino Tognetta, Daniel PérezZapata, Douglas Véliz-Vergara, Néstor Menares-Ossandón, “SUBJECTIVE THEORIES ABOUT SCHOOL COEXISTENCE: WHAT DO PARENT SAY?”, Psicologia Escolar e Educacional. 2021, v. 25, P.P 1-9. DOI: http://dx.doi.org/10.1590/2175-35392021221423

Milton, Damian (2007) Sociological theory: an introduction to Functionalism. Available at [https://kar.kent.ac.uk/62739/1/Functionalism%202007.pdf]

Education and Learning (2008) ” The project of modification of education system of KRG in Iraq”. Seasonal educational magazine.

Holt-Lunstad, J., & Lefler, M. (2019). Social Integration. Encyclopedia of Gerontology and Population Aging, 1–11. doi:10.1007/978-3-319-69892-2_646-2.

Jonathan H. Turner (2004) “ The Structure of Sociological Theory”. Beijing: Peking University Press.

Sociology of Education, Subrata S. Satapathy, [available at: https://ddceutkal.ac.in/Syllabus/MA_SOCIOLOGY/Paper-16.pdf]

Saeed, K.M., Ahmed, A.S., Rahman, Z.M. *et al.* How social support predicts academic achievement among secondary students with special needs: the mediating role of self-esteem. *Middle East Curr Psychiatry* **30**, 46 (2023). https://doi.org/10.1186/s43045-023-00316-2

Jonathan H. Turner (2004) “ The Structure of Sociological Theory”. Beijing: Peking University Press.

Lebaron, F. (2014). Symbolic Capital. Encyclopedia of Quality of Life and Well-Being Research, 6537–6543. doi:10.1007/978-94-007-0753-5_2961.

Mirlouhi, H. “Critical Theory Based Pedagogic Perspectives”. journal of Pedagogy, no.49. pp: 17-57. 1997.

Roser Grau, Laurrtína García-Raga, Ramón López-Ma, “The challenge of coexistence in socially vulnerable schools”, ScienceDirect, Procedia -

Social and Behavioral Sciences 237 ( 2017 ) 710 – 716. doi: 10.1016/j.sbspro.2017.02.049

Vida Beresnevièiûtë (2003) Dimensions of Social Integration: Appraisal of Theoretical Approaches, Ethnicity Studies, P. 97 ISBN 9955-12-044-4.

Micheal Hughes and Carolyn J. Kroehler (2005) Sociology: The Core, New Yourk, Mc Graw Hill,.

Scruton, R. (2007) The Palgrave Macmillan dictionary of political thought, Third ed. Springer.